# بۆ هەمیشە چاوەکانی چاوەڕوانی..!!



**رۆژ هەڵەبجەیی**

**(1)**

کە چاوەڕوانی لای ئێوارەیەک دائەنیشێ،

پاسارییەک دەهێنمەوە بیرەوەری،

تۆپەڵێک تەماشا،

بە سکون دائەگیرسێنێ،

لە کتێبی جریوەدا..


قەفەسیش چاوەڕوانە فڕین

سواغ بدا لە دیواری..!!

**(2)**

دوای بێدەنگبوونی چراکەم،

تاریکی چاوەڕوانە،



پشتی رووناکی بشێلیٚو خامۆشی بدا بە سەریا،
هەتا گەرووی ژوورەکەم،
پڕ بکا لە پرخەی شەو..!!
**(3)**
کە چاوی ئومێدی پووچگەرا،
نائومێدی چاوەڕوانە
قاچ راکێشیٚو چرپاکەم،
هەڵواسیٚ بە بێدارییا..!
**(4)**
ئەو کاتەی بە سێبەری یادەوەرییەکا،
پیاسە دەکەم
رۆحم چاوەڕوانە
ئینجانە لە قەدیا بڕویٚ..!
**(5)**
کە شەپۆلی گیا بەهار وندەکا،
چاوەڕوانە باخەوانێك
لەرەیەك رووناکیو
قومێك شنەبا،
بخاتە گیرفانی..!!
**(6)**
کە دارتوویەك ماسولکەکانی،
پڕدەکا لە خەیاڵ
چاوەڕوانە،
چەپکێك بولبول
لە ئەندێشەیدا نغرۆکا..
**(7)**
کە دەچمە خەڵوەت و
خەو دەپلیشێنمەوە
دەستەکانم چاوەڕوانە
قیژەی کاتژمێرەکەم،
بخاتە پێڵاوەکانی کۆڵان..!!

(8)

عیشق لەزەتی تیشك،

ئاوەڵا دەکا لە دڵما

ئەمەیان یانی ئازادی..

وەلێ دەبێ چاوەڕوانبم،

سێبەرەکەی تاڵیم پێ بنۆشێ،

ئەمەیان یانی دیلی..!!

(9)

کە ئەوین لە جانتاکەی باراندا،

وندەبێ..

هەنگ چاوەڕوانە خەتمی قاتیحە

ببەستێ لە یەخەی گوڵێك..

رەشەبا چاوەڕوانە بە سلاوێکی کەسك،

زاخاوی درەخت بدا..

ئاو چاوەڕوانە کراسێکی رەنگاوڕەنگ

بکاتە بەری باخچە..

باڵندە چاوەڕوانە گەڵای درەخت بکاتە چەتری..!

(10)

عیشق شەرابێکە دەبێ

هەموومان بینۆشین..

ئەمە حیکمەتێکە خوا ناردی..

شەو چاوەڕوانە پشتوێنی رۆژ،

بپێچێ لە کەمەری..

ئێوارە بە تاڵی خەیاڵەوە،

بەنیازە دەسکێشەکانی مانگ،

بکاتە سەرپۆشی سەری..!

(11)

گاڵتە بە مێروو مەکەن بچووکە..

ئەوان چاوەڕوانن،

مردن هەڵبکاو

ئێمە بخۆن..

کەچی جێی تێڕامانی ئێمەنین..!!

**(12)**

ژیان سەراپا سەفەرە..

هەرچی گومانو ترسو دڵەڕاوکێیە،

هەڵدەچنم بە ملپێچی دەرگاکەمدا،

بە مردن دەڵێم چاوەڕێم بە تا دێمەوە..

ژیان لە تۆدا نیشتەجێیە..!!

**(13)**

ئاوێنەو پەنجەرە هەردوکیان

تەلیسمی بینینن

پەنجەرە باخێکە سەخاوەت

هەموو میوەیەك لەناویا روونو رۆشن..

کەچی ئاوێنە چاوەڕوانە،

هەر دروێنەی باخی خۆی بکا..!

**(14)**

منداڵی لەودیو حەقیقەتەوە هەڵدەقوڵێ..

ژیان چەند گەورەیە

تاوێك خانوویەك دروستدەکاو

تاوێك دەیڕوخێنێ..

بەڵام گەورەیی چاوەڕوانە،

بە زەمەنەوە ئاشوفتەبێ

ژیان چەند بچووکە،

کە دەڕووخێ..!!

**(15)**

ئێمە ناتوانین رێ لە سپێدە بگرین،

بۆ هەڵدێ..؟!

ئەمە شتێکە لە بوونی خوا..

کە چاوەڕوانیش دەبین،

خۆر ئاوابێ..

تینوو دەبین بە ڕۆحی رۆمانسی..

ئەمە رازێکە لە بوونی خوا..!!